# عبدالله گۆڵ و زارێكی بیٚ خاڵ

جەزا چنگیانی

جیٚ دڵخۆشی نیە میللەتێك دژی بەرژەوەندی میللەتیكی تر بێت. ژیان ئەگەر جوانیەكی تیدابێت ئەوەیە كە ڕەنگ ودەنگە جیاوازیەكان پێكەوە بە ئارامی بژین. مرۆڤەكانی میللەت و ڕەگەزە جیاكان پێكەوە وەك خۆیان گەرەكیانە یەكتری پەسەند بكەن. جی داخە پەیوەندی دراوسیەتی كورد و تورك ئەم جوانوانیەی (ئیستاتیكا) یەی بەخۆیەوە نەدیوە و میژوومان لە هەمووماں هوشیارانەتر ڕووداوە خۆیانەویەكانی تۆماركردوە. كە تێدا توركەكان بە دریژای میژوو تاوانیان بەرامبەر بە ویستە مرۆیەكانی كورد كردوە.

لەم ڕۆژانەدا وەزیری دەرەوەی توركی (عبدالله گولٚ) سەردانی ئەمەریكای كردچاوی بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریكی (پاولٚ) كەوت. مەبەستی سەردانەكەی (گولٚ) هاوبەشی بوونی هیزی توركەكانە لە هیزی پاراستنی ئاسایشی عیراق. گەر سەرنج بدەینە هەڵویستەكان، ئەمەریكا حەزیان بەهاوبەشی زۆر وولاٚت هەیە، بەلاٚم بە ئاشكرا حەز بە توركەكان ناكەن. توركەكان خۆیان مەبەستیانە بن بە هێزیك لە عیراقدا. لە پشت ئەم ویستە توركیەوە تەنیا شتیك هەیە ئەویش داتەپین و لە ناوبردنی دەسەلاٚتی كوردیە لە باشواری كوردستاندا. فڕیدانی ئەم زارە بیٚ خاڵەی عبدالله گولٚ لەسەر تاوڵەی سیاسی ئەمەریكی، بە پلەی یەكەم پەشیمان بوونەوەی توركەكانە لە هاوبەشی نەكردنی توركیا و ڕێگە نەدان بە بەكارهێنانی زەوی و فرۆكەخانە سەربازیەكانی توركیاوە لە لایەن ئەمەریكایەكانەوە لە كاتی جەنگی دژی دڕندە صدام.

بۆ؟؟؟ دوای ئەوەی ئەمەریكایەكان بە داخوازی و ویستە سیاسیە (نهێنیەكانی) توركیا لە باشوری كوردستاندا ڕازی نەبوون. . . دوای ئەوەی توركەكان بە ویستە سیاسیەكانی ئەمەریكا لە باشوری كوردستاندا ڕازی نەبوون. یانی هەردوولایان لە سەرگرفتی باشوری كوردستان و بەرژەوەندیەكانیان خاڵی هاوبەشیان سەقامگیر نەبوو. پەیوەندی ئەم دوو وولاٚتە درزی تیبوو. ئیستراتیجیتی ئەمەریكی لە دوای نەمانی جەنگی ساردەوە گۆڕانكاریەكی وا خیرا و بنەڕەتی بەسەردا هاتوە نەك توركیا بەڵكو دووزلیهزی وەك (ئەڵمانیا و فرنسا) ی هاوپەیمانیشی بە ڕوونی لیتنەگەیشتبوون. بۆیە ئەم دووانە هەڵەیەكی گەورەیان لە جەنگی دژی دڕند صدامدا كرد. بۆ زوربەی هاوپەیمانە ناتویەكانی ئەمەریكا گرنگ نیە چۆن ئەمەریكا مامەڵە لە تەك گرفتی كورد وعیراقییەكاندا دەكات. وەلی بۆ توركەكان گرنگیەكی تایبەتی هەیە، ئەویش گەشەكردنی بزوتنەوەی ناسیونالیستی كوردی و دامەزراندنی دەوڵەتیكی كوردیە لە بوونی هێز و دەسەلاٚتی ئەمەریكی لە باشوری كوردستان و عیراقدا. چونكە توركەكان چاك لەوە بە ئاگان دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی نەك زیان بە بەرژەوەندی ئەمەریكا لە ڕۆژهەلاٚتی ناویندا ناگەیەنی بەڵكو دەوڵەتی كوردی كۆڵەكەیەكی پتەوی پاراستنی ویست و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری ئەمەریكایەكانە. ئالیرەدا توركەكان زراویان چووە. مامەڵەكردنی دەسەلاٚی ئەمەریكی لە تەك گرفت و ویستی كوردا. . . مامەڵەكردنی دەسەلاٚتیكی سیاسی مۆدیرن و دیموكراتیە، نەك توركی واتە گەیشتنی كورد بە مافە نەتەوایەتیەكانی لە چوارچیوەی دەوڵەتیكی كوردیدا.

ئیستا توركەكان دەیانەوێت ببنە كۆسپ لەبەردەم هەر هەنگاویك ئەگەر ببیتە دەلاقەیەك بۆ هەناسەی كوردی. گەرەگیانە بە ڕێگەی دبلۆماسیەكی لاواز زۆران لە دبلۆماسیەتی ئەمەریكی بگرن و لەمپەر بن لە بەردەم ویست وئیستراتیجیتی ئەمەریكی. زارەكەی گۆڵ بیٚ خاڵە بە هەر لایەكدا بكەویتەوە هیچ زیانی بە ئەمەریكا و پەیوەندیەكانی لە تەك كورد و عیراقیەكاندا ناگەینی. پێشوازی سارد وسڕی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكی لە گولٚ بەڵگەی سوتاوی كارتی دبلۆماسی توركی نیشان دەدا.

ئەگەركوش ئەمەریكایەكان قەبارەیەكی فراوانیان بۆ ڕۆڵی كورد لە عیراقدا لە میداكەیاندا ئاشكرا نەكردوە وەلیٚ لە زمانی ڕۆژنامەنووسان وسیاسەتمەداران و لە دۆسیەی (بنتاگۆدا) . كورد هێزی سەرەكی گۆڕانكاریە گرنگەكانە لە عیراق و ناوچەكەدا. و بەتایبەتیش ئەگەر وەك چاودیریكی سیاسی سەیر بكەین بۆچون و هەڵوێستەكانی (پارتی دیموكراتی كوردستان) لە مەر داخوازی توركەكان بۆ ناردنی سوپای توركی بۆ باشوری كوردستان و لە تەك بۆچون و هەڵویستی ئەمەریكایەكان لە یەكدەچوون. وەلاٚمی ساردی ئەمەریكایەكان بۆ توركەكان لەم سەردانەی دواییەی گۆڵ بۆ ئەمەریكا. بۆ

**ئیمەی کورد دڵخۆشیە. بە پراکتیك کورد لە ئیستراتیجیتی ئەمەریکدا جێگەی تورکیای جارانی گرتۆتەوە. ئەمەریکا زیاتر پیویستی بە هیزیکی کوردی یەکگرتوو هەیە، بۆیە پیویستە ئیستراتیجیتی هەردوو زلهێزەکەی باشور (یەکیتی وپارتی) سەقامگیربێت و خاوەنی یەك هەڵویست و یەك گوتاری سیاسی بن نەك دووان.**

**پێویستە (یەکیتی نیشتمانی کوردستان) یش وەڵامی هەڵە میژووەیەکانی بداتەوە، ئیتر چەپکە گوڵ بۆ سوپای داگیرکەری تورك ئامادە نەکات.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت